# له "دەتەپە"وە بۆ "بەدەپە"

## کرانەوە بەڕووی کورد لە تورکیا دوای پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی بە چی دەگات؟

### بەشی یەکەم

***سەنگەر زراری***

***sangarzrary@gmail.com***

**هەر یەکە لەو دوو پارتەی تورکیا کە خەریکی چارەسەرکردنی کێشەی کوردن لەو وڵاتە، (پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار (ئاکەپە) و پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە) کە نوێنەرایەتی کوردانی ئەو وڵاتەی دەکرد و لە 2009/12/11 لە لایەن دادگای دەستووریی تورکیاوە کاری سیاسی لێ قەدەغە کرا) دوو پارتی زۆر زیرەك و لێهاتوون، ئەوە ئەگەر بشێ چەمکی "زیرەك" و "لێهاتوو" بۆ حزب بەکار بهێنرێت.**

***پارتی دادوگەشەپێدان "ئاکەپە":***

**پارتی دادوگەشەپێدان، بە خێرایی دروست بوو و بە خێرایش گەشەی کرد، لە ساڵی (2001) پاش ئەوەی "پارتی فەزیلەی ئیسلامی" بە بڕیارێکی دادگای دەستووری تورکیا هەڵوەشایەوە، بەشێك لە سەرکردەکانی پارتەکە، "پارتی دادوگەشەپێدان"یان دروست کرد و بەشێکیش "پارتی سەعادەت"یان دروست کرد، بەڵام پارتی سەعادەت وەکو پارتە ئیسلامییەکانی پێشتر نەیتوانی گەشە بکات و هەر زوو هەیمەنەیەکی ئەوتۆی نەما.**

**لە بەرامبەردا پارتی دادوگەشەپێدان بە خێرایی گەشەی کرد و ساڵێك دوای دروستبوونی، واتا ساڵی (2002) لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بێوێنەی بەدەست هێنا، بەمجۆرەش گەیشتە تەختی دەسەڵات و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرگرت، پاشان بە تێپەڕینی چەند ساڵێك سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی پەرلەمانیشی بەدەست هێنا.**

**پارتی دادوگەشەپێدان، تورکیا بەرەو ئاقارێك ئاراستە دەکات کە لە سەر ئاستی ناوەخۆدا گرنگی زۆر بە کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوەخۆ دەدات و لەسەر ئاستی دەرەکیشدا، خەریکە پێگەیەکی بەهێزی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ وڵاتەکەی دروست دەکات، ئەم پارتە جیا لە پارتە ئیسلامییەکانی پێش خۆی (یان راستتر ئەو پارتانەی باکگراوندێکی ئیسلامییان هەبووە) لە تورکیا، کە یان نەگەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات و دژایەتی دەکران و هەڵدەوەشێنرانەوە، یان کە گەیشتیشن نەیانتوانی باڵانسێك لە نێوان ئەو بەرنامەی خۆیان هەیانە و ئەو روانینە عەلمانییەی لە تورکیا زاڵە و لە دەستووری ئەو وڵاتەشدا کراوتە بنەمای دەوڵەتی تورکیا، رابگرن، بۆیە هەمیشە رووبەڕووی کار لێ قەدەغەکردن و کودەتای سەربازی دەبوونەوە، لەوانەش: پارتی کۆماری پێشکەوتنخواز لە ساڵی (1925) و پارتی نیزامی میللی (1971) و پارتی رەفا لە ساڵی (1998) و پارتی فەزیلەت لە ساڵی (2001) کاری سیاسییان لێ قەدەغە کرا کە هەموویان باکگراوندی ئیسلامییان هەبوو، لەسەرووی هەموشیانەوە "نەجمەدین ئەربەکان"ی باوکی رۆحی پارتە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە، کە ئەو کاتەی سەرۆکی "پارتی رەفای ئیسلامی" بوو، گەیشتە کورسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دواتر رووبەڕووی کودەتای سەربازی بووەوە و لەلایەن سەربازەوە لە کورسییەکە هێنرایە خوارەوە و خۆشی کاری سیاسی لێ قەدەغە کرا.**

**پارتی دادوگەشەپێدان بە زیرەکی خۆی، توانی وردەوردە بەرەکە لە ژێر پێی دەسەڵاتی سەربازی ئەو وڵاتە دەربێنێ، ئەو سەربازەی هەمیشە چەپۆکی ئامادەبووە بۆ ئەوەی کودەتا بە سەر هەر حکومەتێکدا بکات کە بەدڵی ئەو ناجوڵێتەوە و بە لادەر لە بنەماکانی دەوڵەتی تورکیای عەلمانی تۆمەتبار دەکرێت، چونکە سوپا لە وڵاتی تورکیادا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بە پارێزەری بنەما سەرەکییە عەلمانییەکانی ئەو وڵاتە و پارێزەری دەستوور دادەنرێت، بۆیەش هەمیشە دەسەڵاتی لە حکومەت زیاتر بووە، بەڵام لەسەردەمی حوکمڕانی پارتی دادوگەشەپێداندا، خەریکە دەسەڵاتە زۆر و زەوەندەکەی لەدەست بدات.**

جگە لەمە.. ئەو پارتە توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێدا، هەرسێ دەسەڵاتی "سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان" بگرێتە دەست و بە جورئەتەوە هەوڵی گۆڕینی بڕگەدەستوورییەکانی ئەو وڵاتە بدات، ئەمەش وای کردووە کە چەند جارێك "داواکاری گشتی"ی تورکیا و لایەنە نەتەوەپەرستەکانی ئەو وڵاتە هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم پارتە لە کاری سیاسی قەدەغە بکەن و بە لادان لە بنەما بنەڕەتییەکانی تورکیا تۆمەتباریان کردووە، بەڵام ئەم پارتە زیرەکانە توانیوویەتی خۆی لە چنگی ئەو هەموو تۆمەتانە دەرباز بکات، هەر خۆشی دەسپێشخەری بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری ناوەخۆی تورکیا و چەند پرسێکی دی کردووە، لەوانەش: چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە بوێرییەکانی ئەو پارتە.

لەسەر ئاستی دەرەکیشدا، حکومەتەکەی پارتی دادوگەشەپێدان، هەنگاوی باشی بەرەو بەئەندامبوون لە یەکێتی ئەوروپا ناوە، ئەمەش خەونی لەمێژینەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی پێشتری تورکیا بووە و نەیانتوانیوە هیچ هەنگاوێکی بەرچاوی بۆ بنێن.

ئەگەرچی وەڵامی ئەرێنی تەواویان لە گشت لایەنەکانی یەکێتی ئەوروپا بە ئاسانی دەست ناکەوێ و هەندێ وڵاتی ئەوروپا بە ئاشکرا دژی بەئەندامبوونی ئەو وڵاتەن لە یەکێتییەکە دیارترینیشیان فەڕەنسا و ئەڵمانیا، بەڵام ئەوان لە شوێنی خۆیان چەقبەستوو نابن و تەنها بەرەو یەکێتی ئەوروپا هەنگاو نانێن، بەڵکو حوکمڕانانی پارتی دادوگەشەپێدان، هەوڵ دەدەن لەسەر ئاستی هەرێمیشدا رۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەبێت و لە پرسەکانی ناوچەکەدا جێپەنجەیان دیار بێت، بە چڕی لە پەیوەندیدان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل و ئێران، دەسپێشخەری بەرچاویان هەبووە لە کێشەکانی نێوان "فەلەستین و ئیسرائیل، سوریا و ئیسرائیل، کێشەی ئەتۆمی ئێران، کێشە ناوەخۆییەکانی لوبنان و عێراق" و چەندین کێشەی دیکەی ناوچەکە،

***پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە):***

لە مێژووی پارتە کوردییەکانی تورکیادا، "پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی" کە نوێنەرایەتی ئاشتی و مەدەنیانەی کوردانی ئەو وڵاتەی دەکرد، توانی خۆی بگەیەنێتە پەرلەمانی ئەو وڵاتە و (21) کورسی پەرلەمان و سەرۆکایەتی (99) شارەوانی گەورە و بچووك لە تورکیا بەدەست بێنێت، ئەمەش پێچەوانەی پارتە کوردییەکانی دیکەی پێش خۆی و پارتەکانی ئێستا بوو کە بە بێ ئەوەی کارێکی بەرچاو و بکەن کاری سیاسیان لێ قەدەغە دەکرا لەوانەش: پارتی کاری خەڵك لە ساڵی (1993) و پارتی دیموکرات لە ساڵی (1994) و پارتی دیموکراتی خەڵك لە ساڵی (2003) و کاری سیاسییان لێ قەدەغە کرا، پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیك لە ساڵی (2005) لەسەر دەستی چەند کەسایەتییەکی سیاسی بەتواناوە دامەزرا، ئەم پارتە دەنگی باشی لە پەرلەمان هەبوو، تورکیای ناچار کرد گوێی لێبگرێت، هەروەها ئەو پارتە توانی بۆماوەیەکی زۆر خۆی لە چەندین تۆمەت پێداهەڵواسین رزگار بکات و خۆی لە هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون بپارێزێت، لە ساڵی (2007)ەوە هەوڵی هەڵوەشانەوەی ئەم حزبە و دوورخستنەوەیان لە کاری سیاسی دراوە، بەڵام ئەم حزبە لێهاتووانە خۆی لە بیانووەکان رزگار دەکرد و بیانووی بۆ هەڵوەشاندنەوە نەدەدا دەست، تا ئەو کاتەی کە هەندێ لە بیانووەکان زەق بوونەوە (کە دواتر قسەیان لەسەر دەکەین) و چیتر لە لایەن دادگای دەستووری تورکیاوە تەحەمول نەکرا و بووە هۆی داخستنی پارتەکە.